OCHA

# عێراق: بەهاناوەچوونی مرۆیی بۆ موسڵ

رِاپۆرتی بارودۆخ ژمارە. 23 (27ی شوبات– 5ی ئاداری 2017)

ئەم رِاپۆرتە لەلایەن نووسینگەی هەماهەنگی کاروباری مرۆیی لە عێراق بە هەماهەنگی لەگەڵ هاوکارانی کاروباری مرۆیی ئامادە کراوە. لەبەر گۆرِانی بارودۆخەکە بە هەرِەمەکی، ئەگەری هەیە کە ژمارەکان و شوێنەکان کە بە لیستێك لەم رِاپۆرتە دانراون گۆرِانکاریان بەسەردابێت. رِاپۆرتی داهاتوو لە دەوروبەری 13ی ئاداری 2017 بڵاودەبێتەوە.

## هەواڵە سەرەکیەکان

- لەو هەفتەیەی ٢٧ی مانگی شوبات بۆ ٥ی ئاداری ٢٠١٧ نزیکەی 42,000 کەس ئاوارەبوون؛ زۆرترین ژمارەی ئاوارەبوونی بەردەوام لەوەتەی کە قەیرانی موسڵ دەستی پێکردووە لە ١٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٦، لەگەڵ 13,350 کەس بەتەنها لە رِۆژی ٣ی ئادار ئاوارەبوون. زۆرینەی هەرە زۆری ئاوارەبوونەکان لەم هەفتەیە بەهۆی ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکانەوەیە لە رِۆژئاوای موسڵ، کە لە رِۆژی ١٩ی شوبات دەستیان پێکردەوە.
- بنیاتنانی خێوەتگە و فراوانکردنی شوێن، و چەسپکردنی خزمەتگوزاریەکانی ئاو و خاوێن کردنەوە، بە خێرایی زیاد دەکەن لە ناو خێوەتگەکانی باشوری شاری موسڵ. هەموو ئەو کەسانەی کە ئاوارەبوون لە رِۆژئاوای موسڵ لە ناو خێوەتگەکان یان لە شوێنە تەنگەتاویەکان نیشتەجێکراون، لەو شوێنەی کە شوێنێکی رِەشماڵ و کۆمەکیە سەرەکیەکانی ناوماڵ، پێداویستیەکانی پاك و خاوێنی، پارچەکانی خۆراکی ووشکی ٣٠ رِۆژە وەردەگرن. زیاتر لە 11,400 شوێنی خێوەتگە لە رِۆژهەڵات و باکوری شاری موسڵ لەبەردەستدان.
- رِێژەکانی قوربانیانی زەبری دەروونی لە موسڵ بەرزن. لەو کاتەوەی کە ئۆپەراسیۆنی سەربازی لە رِۆژئاوای موسڵ دەستی پێکردووە لە رِۆژی ١٩ی شوبات، زیاتر لە 500 کەس لە خاڵەکانی سەقامگیرکردنی زەبری دەروونی بۆ بریندارانی پەیوەندیدار بە ململانێکەوە چارەسەریان بۆ کراوە. پانزدە کەس رِەوانەی نەخۆشخانەکانی هەولێر کراون بۆ وەرگرتنی چارەسەری دوابەدوای هەواڵی بەکارهێنانی چەکە کیمیایەکان لە رِۆژهەڵاتی شاری موسڵ.
- کورتهێنانە بەرچاوەکان هەن لە ئاوی خواردنەوە کە بەردەوام بریتی یە لە نیگەرانیەکی گەورەی مرۆیی لە رِۆژهەڵاتی شاری موسڵ. هاووڵاتیان لە زۆربەی گەرِەکەکان لە بەشەکانی باشور و رِۆژئاوای شاری موسڵ ئەوانیش هیچ دەستیان ناگات بە تۆرِی گشتی و دەستیان دەگات بە ئاوی خواردنەوەی چارەسەرنەکراو. دووبارە دامەزراندنەوەی تۆرِی سەرانسەری ئاوی شار بریتی یە لە کارێکی لەپێشینە.






Map Sources: OCHA, CCCM, IOM DTM, Clusters
The boundaries and names shown and the designations used on this map do not imply official endorsement or acceptance by the United Nations. Map created on 5 March, 2017

| 11,400 | 164,000 | 207,000 | 525,000 | 1,200,000 | 1,168,000 |
|---|---|---|---|---|---|
| شوێن لەبەردەستدان بۆ ئاوارە تازە گەیشتووەکان بۆ ناو خێوەتگەکان و شوێنە تەنگەتاویەکان | کەس لە ئێستادا ئاوارەبوون بۆ ناو خێوەتگەکان و شوێنە تەنگەتاویەکان | کەس لە ئێستادا ئاوارەبوون بەهۆی قەیرانی موسڵ | رِاوێژکردنەکانی پزیشکی دابین کراون (لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم) | کەس لە ناوەوە و دەرەوەی خێوەتگەکان خزمەتگوزاریەکانی ئاو و خاوێن کردنەوە و پاك و خاوێنی وەردەگرن (لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم) | کەس لە ناوەوە و دەرەوەی خێوەتگە پاکێجەکانی بەهاناوەچوونی تەنگەتاوی خۆراك و ئاو و کەل و پەلەکانی پاك و خاوێنیان وەرگرتووە (لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم) |

# تێڕوانینێکی گشتی بۆ بارودۆخەکە

لەو هەفتەی ٢٧ی شوبات تاوەکو ٥ی ئاداری ٢٠١٧ نزیکەی 42,000 کەس ئاوارەبوون؛ زۆرترین ژمارەی ئاوارەبوونی بەردەوام لەوکاتەوەی کە قەیرانی موسڵ دەستی پێکردووە لە ڕۆژی ١٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٦، لەگەڵ 13,350 کەس کە لە ڕۆژی ٣ی ئادار بەتەنها ئاوارەبوون. زۆربەی هەرە زۆری ئاوارەبوونەکان لەم هەفتەیە بەهۆی ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکانەوەیە لە نێوان هێزەکانی ئاسایشی عێراقی و داعش، کە لە ڕۆژئاوای موسڵ لە ڕۆژی ١٩ی شوبات دەستی پێکردەوە. لەو کاتەوەی کە ئۆپەڕاسیۆنە سەربازیەکان لە ڕۆژئاوای موسڵ دەستیان پێکردووە، هەروەك لە ڕۆژی ٥ی ئادار نزیکەی 45,710 کەس ئاوارەبوون، بە گوێرەی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتی.
لە نێوان ١٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٦ و ٥ی ئاداری ٢٠١٧، نزیکەی 270,780 کەس لەسەرانسەری موسڵ ئاوارەبوون، لەو ژمارەیە 64,260 کەس گەڕاونەتەوە بۆ ناوچەکانی زێدی خۆیان، بە گوێرەی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتیەوە. لە ئێستادا، نزیکەی 206,520 کەس لە ئاوارەییدا ژیان دەگوزەرێنن بەهۆی دەرەنجامی قەیرانی مرۆیی موسڵەوە، زۆرترین ژمارەی ئەوکەسانەیە کە لە ئاوارەییدا ژیان دەگوزەرێنن لەوکاتەوەی شەڕوپێکدادانەکان دەستیان پێکردووە.

ئەو کەسانەی کە لە ڕۆژئاوای موسڵەوە ئاوارەبوون بە شێوەیەکی زۆر جولاون لە گەڕەکەکانەوە لە دەوروبەری شارەکە بۆ حەمام عەلیل، لەوێ پشکنینی ئەمن و ئاسایش ئەنجام دەدرێت.خۆراك و ئاو دابەشکراون بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە بە شوێنی پشکنینەکە تێدەپەڕن. دوابەدوای پشکنین، ئەو کەسانە دەگوازرێنەوە بۆ شوێنی تەنگەتاوی تازە لە حەمام عەلیل، شوێنە تەنگەتاویەکان لە حاج عەلی و بنکەی ئاسمانی گەیارە، بۆ خێوەتگەکانی جەدعە و خازر و حەسەن شام. خێوەتگەی جەدعە و شوێنە تەنگەتاویەکانی بنکەی ئاسمانی گەیارە و حاج عەلی ئێستا پڕبوونەتەوە. بنیاتنانی خێوەتگە و فراوانکردنی شوێن، و چەسپکردنی خزمەتگوزاریەکانی ئاو و خاوێن کردنەوە، بە خێرایی زیاد دەکەن لە ناو خێوەتگەکانی باشوری شاری موسڵ. هەموو ئەو کەسانەی کە ئاوارەبوون لە ڕۆژئاوای موسڵ لە ناو خێوەتگەکان یان لە شوێنە تەنگەتاویەکان نیشتەجێکراون، لەوێ کە شوێنێکی ڕەشماڵ و کۆمەکیە سەرەکیەکانی ناوماڵ، پێداویستیەکانی پاك و خاوێنی، پارچەکانی خۆراکی ووشکی ٣٠ ڕۆژە وەردەگرن. ژمارەیەکی کەم لەو کەسانەی کە تازە ئاوارەبوون خۆیان گونجاندووە کە لەگەڵ هاوڕێیان و ئەندامانی خێزان لە ناو کۆمەڵگای خانەخوێ ژیان بگوزەێنن. هەروەك لە ڕۆژی ٥ی ئادار، 11,530 شوێن کە خزمەتگوزاری تەواویان هەیە بۆ نیشتەجێکردنی نزیکەی 70,000 کەس بەرجەستەکراون لەو ناوچانەی کە دەکەونە ڕۆژهەڵات و باکوری شاری موسڵ.

نیگەرانیە ڕاستەقینەکان دەمێننەوە بۆ پاراستنی نزیکەی 750,000-800,000 هاووڵاتی کە، پێش ململانێکە خەملێندرابوون کە لە ناو ڕۆژئاوای شارەکە ژیان دەگوزەێنن، لەوێ کە خۆراك و دەرمان و پێداویستیە سەرەکیەکانی ناوماڵ و سووتەمەنی کەم دەبنەوە. بە هەبوونی شەقامە تەسکەکان و زۆری ژمارەی دانیشتوان لە ڕۆژئاوای شاری موسڵ، هاووڵاتیان لە مەترسیەکی گەورە دان لە کەوتنە بەر تەقەکردن، و پێدەچێت ژێرخان زیانی بەرکەوێت. ئاوی خواردنەوەی خاوێن ئەویش کۆمەکیەکی زۆر کەمە لە ڕۆژئاوای موسڵ، لەگەڵ تەنها هەندێك گەڕەك لە باکور و باکوری ڕۆژهەڵاتی ڕۆژئاوای شاری موسڵ پێدەچێت ئاو وەربگرن لە ڕێگەی تۆڕی گشتی ئاو بۆ چەند کاژمێرێك هەر چەند ڕۆژ جارێك.

کورتهێنانە بەرچاوەکان لە ئاوی خواردنەوە وەکو نیگەرانیەکی سەرەکی مرۆیی لە ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ دەمێنێتەوە.هاوکارانی مرۆیی ئاو بە قەبارەی 2,300 مەتر سێجا دەنێرێت بۆ نزیکەی 28 گەڕەك لەو کاتەوەی کۆتایی مانگی کانوونی دووەم، بۆ تەواوکاری کۆمەکیەکانی شارەوانی. ڕێکخراوی یونیسێف مۆلیدەیەك لەم هەفتەیە لە وێستگەی چارەسەرکردنی ئاوی ئەل سەحرون چەسپ دەکات، کە کەوتە بەر تەقەکردنی ناڕاستەوخۆ لە ڕۆژی ١٩ی شوبات کە بووە هۆی لە کارکەوتنی وێستگەکە. وێستگەی چارەسەری ئاوی ئەل سەحرون ئاوی لە بۆڕی کراوی خواردنەوەی دابین دەکرد بۆ 70,000 هاووڵاتی. دووبارە دامەزراندنەوەی کاراکردنی تۆڕێکی ئاوی گشتی شار بریتی یە لە کارێکی لەپێشینە.

ڕێژەکانی قوربانیانی زەبری دەروونی لە سەرانسەری موسڵ بەرزن. لەو کاتەوەی ئۆپەراسیۆنی سەربازی لە ڕۆژئاوای موسڵ دەستی پێکردووە لە ڕۆژی ١٩ی شوبات، لەگەڵ زیاتر لە 500 کەس کە چارەسەری بۆ برینەکانیان کراوە لە خاڵەکانی سەقامگیرکردنی زەبری دەروونی. هەروەها 15کەس ئەوانیش لە ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵەوە ڕەوانە کراون بۆ نەخۆشخانەکانی هەولێر بۆ چارەسەری برینەکانیان بەهۆی سوتانی پێست، برین، و کێشەکانی هەناسەدان، بەهۆی بەکارهێنانی چەکە کیمیایەکان. ڕێکخەری مرۆیی بۆ عێراق داوای کردووە کە دەست گەیشتنی بەپەلە ببەخشرێت بۆ لایەنە گونجاوەکان تاکو لێکۆڵینەوە لە بارودۆخەکانی ئەم هێرشە بکەن، کە ئەگەر ئەم هێرشی کیمیایە پشتڕاستبکرێتەوە ئەوا پێشێلی یاسای نێودەوڵەتی دەکات.

# بەهاناوەچوونی مرۆیی

## میکانیزمی بەهاناوەچوونی بەپەلە

369,408
کەس هاوکاری کراون بە پێدانی پێداویستیەکانی میکانیزمی بەهاناوەچوونی بەپەلە لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم

پێویستیەکان:

- خەڵکی لەو ناوچانەی کە تازە دەتواندرێت دەستیان پێبگەیێندرێت، یان لە رێگادان بۆ ناو خێوەتگەکانی ئاوارەبووان و شوێنە تەنگەتاویەکان، پێویستیان بە دەستگەیشتنی بەپەلەیە بۆ هاوکاری سەرەکی و خزمەتگوزاریەکان.

بەهاناوەچوون:

- هەموو خێزانە ئاوارەکانی کە دەگەنە شوێنی حەمام عەلیل بۆ پشکنینی ئاوارەکان پێداویستیەکی میکانیزمی بەهاناوەچوونی بەپەلەیان وەرگرتووە لەوانە (خۆراك و ئاو). کاتێك کە خەڵکی جولەدەکەن بەرەو خێوەتگەکانی خازر و حەسەن شام و جەدعە و شوێنی تەنگەتاوی بنکەی ئاسمانی گەیارە، پێداویستیەکی تەواوی میکانیزمی بەهاناوەچوونی بەپەلە (کە تیایدا لەوانە پێداویستیەکانی پاك و خاوێنی و پێداویستیەکانی ئافرەتان) دابەش دەکرێت.
- لە ماوەی ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە، هاوکارانی کاروباری میکانیزمی بەهاناوەچوونی بەپەلە 10,400 پێداویستیەکانی تەنگەتاویان دابەشکردووە بەسەر 8,470 خێزان کە سوود بە 49,150 ئاوارە دەگەێنێت، لەوانە 27,635 منداڵ. زۆربەی پێداویستیەکان دابەشکرابوون بەسەر ئەو خێزانە ئاوارانەی کە دەگەنە شوێنی حەمام عەلیل بۆ پشکنینی ئاوارەکان و خێوەتگە کە دەکاتە (19,490 کەس)، دوابەدوای ئەویش شوێنە تەنگەتاویەکانی بنکەی ئاسمانی گەیارە و حاج عەلی و خێوەتگەی جەدعە کە دەکاتە (17,846 کەس)، خێوەتگەکانی حەسەن شام وخازر دەکاتە (11,174 کەس)، خێوەتگەی ئەل شێخان ( 388 کەس) وخێوەتگەی دیبەگە ( 252 کەس).
- لەوەتەی دەستپێکی ئۆپەراسیۆنی موسڵ لە رۆژی ١٧ی تشرینی یەکەم، هاوکارانی میکانیزمی بەهاناوەچوونی بەپەلە پێداویستیەکانی تەنگەتاویان دابەشکردووە بەسەر 369,408 کەس (لەوانە 204,265 منداڵ) ، لەو ژمارەیە 30,199 کەس هاوکاری کراون لە رۆژهەلاتی شاری موسڵ. هەروەك خەڵکی لەوانەیە چەندین جار ئاوارەبووبن، ئەگەری هەیە هەندێك کەس هاوکاری میکانیزمی بەهاناوەچوونی بەپەلەیان زیاتر لە جارێك وەرگرتبێت.
- پێداویستیەکی میکانیزمی بەهاناوەچوونی بەپەلە کە پێك دێت لە پارچەکانی خۆراکی بەهاناوەچوونی بەپەلە، پێداویستیەکی پاك و خاوێنی و پێداویستیەکی ئافرەتان کە بەشی یەك خێزان دەکات بۆ ماوەی هەفتەێك، 12 لیتری ئاوی خواردنەوەی لە بوتڵکراو و هەڵگرێکی ئاو.

بۆشاییەکان و رێگریەکان:

- هیچ شتێکی بەرچاو نیە تاوەکو راپۆرتی لەبارەیەوە بکرێت.

## هەماهەنگی و بەڕێوەبردنی خێوەتگە

11,430
شوێن لەبەردەستدان بۆ ئاوارە تازە گەیشتووەکان بۆ ناو خێوەتگەکان و شوێنە تەنگەتاویەکان

پێویستیەکان:

- 163,964ئاوارە لە ئێستادا لە ناو خێوەتگەکان و شوێنە تەنگەتاویەکان نیشتەجێکراون، لەگەڵ ئەو ئاوارانەی کە ماونەتەوە لە ناو کۆمەڵگا خانەخۆییەکان و شوێنە نافەرمیەکان ژیان دەگوزەرێنن. ئاوارەبوون لەو ناوچانەی لە ناو رۆژئاوای موسڵ بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە لە ماوەی ئەم هەفتەیە، لەگەڵ خێوەتگەکان لە باشوری شاری موسڵ یان لە توانای خۆی نزیکە یان پڕبوونەتەوە.
- گەڕانەوەی ئاوارەکان بەردەوامە بۆ رۆژهەڵاتی شاری موسڵ لە خێوەتگەکانەوە لە باکور و رۆژهەڵاتی شاری موسڵ، بە تایبەتی لە خێوەتگەکانی نەرگیزلە و قەیماوە و حەسەن شام و خازر.

بەهاناوەچوون:

- هەماهەنگی و بەڕێوەبردنی خێوەتگە پێشنیاری کردووە کە هەموو تواناکە لە ناو خێوەتگەکانی ئێستا بخرێنە کار، لەو کاتەی کە پەرەپێدانی زیاتری خێوەتگە و بنیاتنان بەردەوامە. گروپی هەماهەنگی و بەڕێوەبردنی خێوەتگە بانگەشە دەکەن بۆ ئەو کەسانەی کە تازە ئاوارەبوون لە رۆژئاوای موسڵەوە ئەوانیش بگوازرێنەوە بۆ ناو خێوەتگەکانی رۆژهەلات و باکوری شاری موسڵ، لەوێ توانایەکی گەورەتری خێوەتگە هەیە.
- ئامادەکاریەکان ئەنجام دراون بۆ کردنەوەی خێوەتگەی چەمەکۆر، کە هەموو خزمەتگوزاریەکانی تێدایە و پەرمیان پێدراوە و 2,400 شوێن تیایدا بەرجەستەیە.

بۆشاییەکان و رێگریەکان:

- لە ناو خێوەتگەکانی حەمام عەلیل و ئەل سەلامیە، و لە ناو شوێنە تەنگەتاویەکانی بنکەی ئاسمانی گەیارە و حاج عەلی، ئاسانکاریەکانی تەوالێت و حەمام پێویستە زیاتر چەسپ بکرێن بۆ دڵنیابوون لە گەیاندنی تەواوی خزمەتگوزاری.

## پەناگە و کەل و پەلە ناخۆراکیەکان

پێویستیەکان:

**597,000**
کەس هاوکاری کراون بە پێدانی پێداویستیەکانی کەل و پەلە ناخۆراکیەکان لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم

- خەڵکی لە دامەزراوەکانی ناوەوە و دەرەوەی خێوەتگە بەردەوام پێویستیان بە کەل و پەلە ناخۆراکیەکان و پەناگەی گونجاوە. ئەمانەش تیایاندا لەوانە ئەو خێزانە ئاوارانەی کە لە پەناگەی کاتیدا نیشتەجێن، ئەو کەسانەشی کە لەگەڵ خێزانە خانە خۆییەکان دەمێننەوە، و کەسانی تری زیان پێگەیشتوو لە وێ دەمێننەوە یان دەگەڕێنەوە بۆ ماڵەکانی خۆیان.

بەهاناوەچوون:

- لە ماوەی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە، 5,526 پێداویستیە سەرەکیەکانی کەل و پەلی ناخۆراکی و 469 پێداویستیە سەرەکیەکانی وەرزی زستان لە ناو خێوەتگەکان دابەشکرابوون. لە دامەزراوەکانی دەرەوەی خێوەتگە 2,205 پێداویستیە سەرەکیەکانی کەل و پەلی ناخۆراکی و 4,024 پێداویستیە سەرەکیەکانی وەرزی زستان دابەشکرابوون بەسەر خێزانە زیان پێگەیشتووەکان.
- کەل و پەلە تەواوکاریەکانی وەرزی – فەرشە تەواوکاریەکان، بەتانیەکان، لیفەکان، تەباخەکان و گەرمکەرەوەکان، ئەوانیش دابین کراون بۆ زیاتر لە 3,918 خێزان. لە کۆی گشتی، 81,739 خێزانە هاوکاری کراون بە پێدانی کەل و پەلە تەواوکاریەکانی وەرزی لەو کاتەوەی ١٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٦.
- دابەشکردنەکانی کەل و پەلە ناخۆراکیەکانی ناوەوەی خێوەتگە لە ماوەی ئەم هەفتەیە بە شێوەیەکی سەرەکی جەختی کردبۆوە لەسەر خێوەتگەکانی حەسەن شام ، حەمام عەلیل، جەدعە، خازر، نەرگیزلە١، شوێنی تەنگەتاوی بنکەی ئاسمانی گەیارە. دابەشکردنەکانی دەرەوەی خێوەتگە ئەنجام درابوون لە ناو گەڕەك و لادێیەکانی دەوروبەری شاری موسڵ و قەزاکان، هەروەها لە ناحیەکانی گەیارە و شۆرە دابەشکرابوون.
- لەو کاتەوەی دەستپێکی بەهاناوەچوون، کۆی گشتی 99,500 پێداویستیەکانی کەل و پەلە ناخۆراکیەکان (لەوانە 30,349 پێداویستیەکانی کەل و پەلە ناخۆراکی گەڕۆك و 69,151 پێداویستیە سەرەکیەکانی کەل و پەلی ناخۆراکی) دابەشکرابوون، هاوکاری گەیاندۆتە دەستی زیاتر لە 597,000 کەس. لەگەڵ ئەوەشدا، کۆی گشتی 26,771 پێداویستیەکانی کەل و پەلە سەرەکیەکانی وەرزی زستان لەوانە گەرمکەرەوەکان، فەرشە گەرمەکان و گالۆنەکانی سوتەمەنی دابەشکرابوون، هاوکاری گەیاندۆتە زیاتر لە 160,626کەس، زیاتر لە 106,243 پێداویستیەکانی جل و بەرگ ئەوانیش دابەشکراون.
- نزیکەی 1,152 ڕەشماڵ چەسپکرابوون لە خێوەتگەی چەمەکۆر؛ 1,160 پێداویستیەکانی پەناگەی تەنگەتاوی دابەشکرابوون لە خێوەتگەی قەیماوە و گەڕەکی خورسیبات؛ 780 پێداویستیەکانی داپۆشینی پەناگە دابەشکرابوون لە ناو گەڕەکەکانی دەوروبەری شارەکانی موسڵ و تکریت.
- کۆی گشتی 42,259 ڕەشماڵی خێزانی تاوەکو ئێستا دانراون بۆ دابین کردنی پەناگە لە ناو خێوەتگەکان و شوێنە تەنگەتاویەکان بۆ نزیکەی 253,554 کەس، لەگەڵ 8,262 پێداویستیەکانی پەناگەی تەنگەتاوی و 8,278 پێداویستیەکانی داپۆشینی پەناگەی تەنگەتاوی دابەشکرابوون لەو کاتەوەی ڕۆژی ١٧ی تشرینی یەکەم، کە سوود دەگەێنێت بە نزیکەی 99,240 کەس.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- هەماهەنگی کردنی بەهاناوەچوونی گروپەکە تووشی بەرەنگاری بووەتەوە لەو کاتەی هاوکاران بە گونجاوی و بە بەردەوامی کۆمەکیەکانیان تازە ناکەنەوە، کۆگاکان پێش وەختە دانانێن. بەشداری کردنی هاوکارانی گروپ لە مێزگەردی تازەی بەڕێوەبردن و ڕاپۆرتکردنی زانیاری دەبێت یارمەتی پێشکەش بکەن لە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە.

## ئەمن و ئاسایشی خۆراك

پێویستیەکان:

**14,233**
کەس هاوکاری کراون بە پێدانی پارچەکانی خۆراکی ٣٠ ڕۆژە لە نێوان ٢٧ شوبات– ٥ی ئاداری ٢٠١٧

- خێزانە ئاوارەکان، ئەو کەسانەی کە زیانیان پێگەیشتووە لەو ناوچانەی کە تازە دەتواندرێت دەستیان پێبگەیێندرێت، پێویستیان بە خۆراکی ئامادەکراوە بۆ خواردن، دوابەدوای پێدانی پارچەکانی خۆراکی ووشك. ئەم هاوکاریە بۆ ئاوارەکان دابین کراوە لە کاتی گەیشتنیان بە شوێنەکانی پشکنینی ئاوارەکان و خێوەتگەکان.
- لەو ناوچانەی کە تازە دەتواندرێت دەستیان پێبگەێندرێت، خێزانەکان ڕاپۆرت دەکەن لەبارەی دەرفەتە سنووردارەکانی ژیان و گوزەران، وەهەندێك کەس دەستیان ناگات بە سیستەمی دابەشکردنی گشتی خۆراك.

بەهاناوەچوون:

- لە ماوەی ئەم هەفتەیە، هاوکاران پارچەکانی خۆراکی ووشکی ٣٠ ڕۆژمیان دابەشکردووە بەسەر 14,233 کەس.
- 53,400کەس هاوکاری کراون بە پێدانی پارچەکانی خۆراکی بەهاناوەچوونی تەنگەتاوی لە هەفتەی ڕابردوودا.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- هیچ شتێکی بەرچاو نیە تاکو ڕاپۆرت لە بارەیەوە بکرێت.

## تەندروستی

525,185
کەس ڕاوێژکردنەکانی تەندروستیان وەرگرتووە لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم

پێویستیەکان:

- لەو کاتەوەی شەڕوپێکدادان لە ناو ڕۆژئاوای شاری موسڵ دەچێتە ئەو ناوچانەی کە ژمارەی دانیشتوانی چڕە، خزمەتگوزاریەکانی چاودێری زەبری دەروونی پێشبینی دەکرێن کە داوایەکی زۆریان لەسەر بێت.
- پێویستی بۆ سەرچاوە مرۆییەکان بۆ هاوکاری کردنی ژمارەیەکی زۆری حاڵەتەکانی زەبری دەروونی بینراون لە خاڵەکانی سەقامگیرکردنی زەبری دەروونی و لە نەخۆشخانە مەیدانیەکان.

بەهاناوەچوون:

- هاوکارانی تەندروستی ڕاپۆرتیان کردووە بۆ کۆی گشتی 15,780 ڕاوێژ لە ماوەی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە. لەو ژمارەیە، 3,046 ڕاوێژ بۆ منداڵانی خوار تەمەنی ٥ ساڵی ئەنجام درابوون.
- لەم هەفتەیە، 1,390 ڕاوێژی چاودێری تەندروستی ئافرەتانی دووگیان ڕاپۆرت کرابوون. 213 ڕەوانەکردنەکانی تەنگەتاوی ئەنجام درابوون، لەو ژمارەیە 14 حاڵەت ڕەوانەکرابوون بەهۆی ئاڵۆزیەکان لە ماوەی دووگیانی یان منداڵ بوون. 99 ڕاوێژ بۆ تەندروستی دەروونی یان هاوکاری دەروونی و کۆمەڵایەتی ئەوانیش ئەنجام درابوون.
- کۆی گشتی 755 کوتان لە دژی ئیفلیجی و سۆریکە ئەنجام درابوون بۆ منداڵانی خوار تەمەنی ١٥ ساڵی لەم هەفتەیە.
- دواهەمین هەڵمەتی کوتان دژی ئیفلیجی لە ساڵی ٢٠١٧ دەستی پێکرد لە ڕۆژی ٥ی ئادار کە 5,648,381 منداڵی خوار تەمەنی ٥ ساڵی دەگرێتەوە. کۆی گشتی 25,968 کوتان و 1,999 سەرپەرشتیارانی تیم جولەیان پێکراوە.
- چوار نۆرینگەی گەڕۆکی پزیشکی سەر بە ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی لە ناو قەزای حەمدانیە و چوار نۆرینگەی تریش لە قەزای گەیارە – خزمەتگوزاریەکانی چاودێری تەندروستی زۆر پێویستی گەیاندووەتە دەستی ئاوارەکان و کۆمەڵگای خانەخوێ بۆ ٣ مانگی لەسەر یەک.
- هاوکاری ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی بۆ خاڵەکانی سەقامگیرکردنی زەبری دەروونی لە گۆگجەلی و کەرەملیس و حەمدانیە بەردەوامە بۆ دڵنیاکردنەوەی کە خزمەتگوزاریەکانی چاودێری زەبری دەروونی بۆ حاڵەتەکان لەلای ڕۆژهەڵاتی موسڵەوە دێن و دەگەنە شوێن.
- ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی هاوکاری نەخۆشخانە مەیدانیەکەی بەرتلەی کردووە بە پێدانی بارهەڵگرێکی دەرمانەکان، لەوانە دەرمانەکانی بەنج و ئازار شکێن، بۆ پڕکردنەوەی پێویستیەکانی نزیکەی 300 نەخۆش کە حاڵەتی زەبری دەروونیان هەیە.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- توانایەکی ناتەواو هەیە بۆ چاودێریکردن لە دوای ئۆپەراسیۆن.
- ئۆتۆمبێلەکانی فریاکەوتن بۆ ئۆپەراسیۆنی ڕۆژئاوای موسڵ ژمارەیان کەمە.
- کورتهێنانێك هەیە لە سووتەمەنی کە زیان دەگەێنێت بە جولانەوەی ئۆتۆمبێلەکانی فریاکەوتن، کە وای لێدەکات ئەستەم بێت بۆ ڕەوانەکردنی حاڵەتەکانی زەبری دەروونی بۆ دەرەوەی شاری موسڵ.

## ئاو و خاوێنکردنەوەی ئاوەڕۆکان و پاك و خاوێنی

1,177,998
کەس لە ناوەوە و دەرەوەی خێوەتگە خزمەتگوزاریەکانی ئاو و خاوێن کردنەوە و پاك و خاوێنیان وەرگرتووە لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٦

پێویستیەکان:

- وێستگەی چارەسەری ئاوی ئەل سەحرون بەهۆی کەوتنە بەر تەقەکردنی ناڕاستەوخۆ لەکارکەوت. هاوکارانی مرۆیی پەباندبوون بە چەسپکردنی مۆلیدەیەکی تازە لە ماوەی ئەم هەفتەیە و وێستگەکەیان دووبارە کاراکردۆتەوە. کورتهێنانەکانی ئاو لە ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ بڕیتین لە کێشەیەکی گەورەی مرۆیی.
- هەبوونی ئاسانکاریەکانی چاڵاك و گونجاوی تەوالێت و حەمام لە ناو قوتابخانەکان لەو ناوچەی کە تازە ئازادکراون وەکو پێویستیەکی بەرچاو بەرزکراوەتەوە.

بەهاناوەچوون:

- دوو لە هاوکاران دەستیان کردووە بە چەسپکردنی ئاسانکاریەکانی تەوالێت و حەمام بۆ 3,400 شوێن لە ناو شوێنی تەنگەتاوی حاج عەلی.
- هاوکارانی ئاو و خاوێن کردنەوە و پاك و خاوێنی ئاسانکاریەکانی تەوالێت و حەمام لە شوێنی تەنگەتاوی بنکەی ئاسمانی گەیارە فراوان دەکەن بۆ 3,700 شوێنێی تر.

- 171,411ئاوارە کە دەکاتە ( 28,568خێزان) لە ئێستادا خزمەتگوزارییەکانی ئاو و تەوالێت و حەمام وەردەگرن لە ناو خێوەتگەکان و شوێنەکانی کاتی گواستنەوەی ئاوارەکان.
- ئاوی خواردنەوەی خاوێن دەخرێتە تانکەری ئاو بە بەردەوامی لە بۆ ٢٨ گەڕەکی ڕۆژهەڵاتی موسڵ بە تێکڕای قەبارەی 2,300 مەتر سێجا دابین کراوە ڕۆژانە.
- لەو کاتەوەی ١٧ی تشرینی یەکەم، 41,961 شوێنی ئامادەکراوی تەوالێت و حەمام ئامادەکراون لەسەرانسەری خێوەتگەکان و شوێنە تەنگەتاویەکان و 56 شوێن لە شوێنەکانی کاتی گواستنەوەی ئاوارەکان، بۆ خزمەتکردنی ئەگەری 255,150 ئاوارە.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- پاڵپشتی کردنی دارایی بۆ نۆژەنکردنەوەی وۆیستگەکانی چارەسەرکردنی ئاو بە خێرایی پێویستە.
- کێشە بەرچاوەکانی پەیوەندیدار بە ئاسانکارییەکانی ئاو و خاوێن کردنەوە لە ناو قوتابخانەکان ڕاپۆرت کراون لەو ناوچانەی کە تازە ئازادکراونەتەوە لە ڕۆژهەڵاتی موسڵ. گروپی ئاوو خاوێنکردنەوە و پاك و خاوێنی دەگەڕێت بەدوای هاوکاران بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانە.
- کۆکردنەوەی زبڵ و خاشاك و فڕێدانی پاشماوە بە سەلامەتی بریتی یە لە کێشەیەکی بەرچاو لە ناو ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ. گروپی ئاو و خاوێن کردنەوە و پاك و خاوێنی دەگەڕێت بەدوای هاوکاران بۆ جێبەجێکردنی بەڕێوەبردنی پاشماوە.

## پاراستن

| |
|---|
| 330,947<br>کەس هاوکاری پاراستنیان وەرگرتووە لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم |

پێویستیەکان:

- پێویستیەك هەیە بۆ دڵنیابوون لەوەی هەموو ئەو هاووڵاتیانەی کە لە ماڵەکانی خۆیاندا ئاوارەبوون، بەبێ ئاستەنگی بێ هۆ، بۆ ئەو ناوچانەی کە سەلامەتن لەوێ دەتوانن دەستیان بگات بە خزمەتگوزاریە سەرەکیەکانی مرۆیی.
- بەردەوامیدان بە خەسڵەتی مەدەنی شوێنەکانی ئاوارەبوون بریتی یە لە پێویستیەکی بەرچاو لە ناو هەندێك لە خێوەتگەکان لە باشوری شاری موسڵ.
- پێویستیەك هەیە بۆ هەڵسەنگاندن و پاککردنەوەی تەقەمەنیە ژەهراویەکان لەو ناوچانەی کە تازە دەتواندرێت دەستیان پێبگەێندرێت، و بۆ پەروەردەی مەترسی مین.

بەهاناوەچوون:

- لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم، 330,947 کەس لەلایەن هاوکارانی پاراستنەوە هاوکاری کراون.
- 31هەڵسەنگاندنی بەپەلەی پاراستن ئەنجام دراون لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم لە دامەزراوەکانی ناوەوە و دەرەوەی خێوەتگەکان. لە هەفتەی ڕابردوودا، ڕاپۆرتەکانی هەڵسەنگاندنی بەپەلەی پاراستن لە ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ و لە شەرەفەدین لە ناو قەزای سنجار بە کۆتاهێندراون و بەشداریان پێکراوە لەگەڵ هاوکارە سەرەکیەکان. هەڵسەنگاندنیکی بەپەلەی پاراستن لە باویزە ئەویش ئەنجام درابوو. هەردوو ڕاپۆرتەکانی هەڵسەنگاندنی بەپەلەی پاراستن ئەو کەسانەی کە زۆر زیانیان پێگەیشتووە دەستنیشانی کردوون، نیگەرانیەکانی پاراستنی منداڵ، کێشە یاساییەکانی پاراستن، دەستگەیشتنی سنوردار بە خزمەتگوزاریە سەرەکیەکان، و لە هەندێك حاڵەتدا هاووڵاتیان زیانیان پێگەیشتووە بەهۆی جۆرەکانی تری نەبوونی ئەمن و ئاسایش.
- لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم، 11,813 سەرۆك خێزان کە دەکاتە ( 60,837 کەس) لەلایەن تیمەکانی چاودێری کردنی پاراستن هاوکاری کرابوون. 19,690 کەسی تر هاوکاری کراون بە پێدانی هاوکاری دەروونی و کۆمەڵایەتی گشتی و 12,841 حاڵەت لەلایەن تیمە گەڕۆکەکانی پاراستنەوە ڕەوانەکراون بۆ هاوکاری تایبەت.
- لە ماوەی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە، 8,585 منداڵ کە دەکاتە ( 4,546 کچ و 4,039 کوڕ) هاوکاری دەروونی و کۆمەڵایەتیان وەرگرتووە، و 4,616 منداڵ کە دەکاتە ( 2,099 کچ و 2,517 کوڕ) فریاگوزاری سەرەتایی دەروونی و کۆمەڵایەتیان وەرگرتووە. لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم، 45,218 منداڵ کە دەکاتە (22,022کچ و 23,196کوڕ) هاوکاری دەروونی و کۆمەڵایەتیان وەرگرتووە. 51,424 منداڵی تر کە دەکاتە ( 24,673کچ و 26, 751کوڕ) فریاگوزاری سەرەتایی دەروونی و کۆمەڵایەتیان وەرگرتووە.
- 219منداڵی بێ هاوەڵ و جیابۆوە لە خانەوادەکانیان کە دەکاتە ( 139کچ و 80کوڕ) لە هەفتەی ڕابردوودا تۆمارکرابوون، بەمەش کۆی گشتی دەگێنێتە 1,093منداڵ کە دەکاتە ( 442کچ و 651کوڕ) لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم. 39 منداڵی بێ هاوەڵ و جیابۆوە لە خانەوادەکانیان کە دەکاتە (19کچ و 20کوڕ) دووبارە لەگەڵ خێزانەکانیان بەیەکترشادبوونەتەوە، بەمەش کۆی گشتی دەگاتە 487 منداڵ کە دەکاتە ( 179کچ و 308کوڕ) لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم. 103 منداڵ کە دەکاتە (35 کچ و 68 کوڕ) ڕەوانەکراون بۆ خزمەتگوزاریە تایبەتەکان لە ماوەی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە، وە کۆی گشتی دەگاتە 3,106 منداڵ کە دەکاتە (1,372 کچ و 1,734 کوڕ) کە نیگەرانیەکانی پاراستنیان هەیە ڕەوانە کراون بۆ خزمەتگوزاریە تایبەتەکان لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم.
- لە ماوەی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە، 395 ئافرەت و کچ هاوکاری کراون بە پێدانی زانیاری لەبارەی توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەزی، کەمکردنەوەی مەترسی توندوتیژی و ئەو خزمەتگوزاریانەی کە بەرجەستەن لەبارەی خزمەتگوزارییەکانی توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەزی. 60حاڵەت ڕەوانەکراون بۆ چاودێری جۆراوجۆری تایبەت لەوانە تیایدا بەڕێوەبردنی حاڵەتی توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەزی ئەنجام درا. 438ئافرەت و کچ هاوکاری دەروونی و کۆمەڵایەتی تەنگەتاویان وەرگرتووە، و 20کەس هاوکاری یاسایی پەیوەندیدار بە توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەزیان وەرگرتووە. 2,104 پێداویستیەکانی ئافرەتان سەبارەت بە توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەزی دابەشکرابوون لەگەڵ زانیاری لەسەر ئەو خزمەتگوزاریانەی کە بەرجەستەن لەبارەی توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەزی.

- هاوکارانی لقی گرووپی مین هەڵگرتنەوە بەردەوامن لە ئۆپەراسیۆنەکانی پاککردنەوە لە مین. لە ماوەی هەفتەی ڕابردوودا هەڵسەنگاندنەکانی هەڕەشە و زیان بۆ سەر سەنتەرە پەروەردەییەکان لە ناو خودی قەزای مەخمور و ئاسانکاری دابەشکردنی کارەبا لە ڕۆژئاوای موسڵ ئەنجام دراوبوون بە یەکەوە لەگەڵ ئاستی یەکی پاککردنەوەی سەنتەرە تەندروستیەکان و نەخۆشخانەکان لە ناو خودی گەڕەکەکانی ڕۆژهەڵاتی موسڵ و دراسەتێکی تەکنیکی شوێنی خێوەتگەی ئاوارەکان لە ناو خودی حەمام عەلیل. هاوکاری ڕاوێژکاری لەسەر تەقەمەنی ژەهراوی دابین کراوە بۆ ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان کە کاروانەکانی دەستگەیشتن و بەهاناوەچوونی پێویستیەکان ئەنجام دەدەن. پەروەردەی مەترسی مین و ڕزگارکردنی ژیان دابین کراوە بۆ 56,240 کەس لەو کاتەوەی ١٧ی تشرینی یەکەم.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- نەبوونی هاوکاری یاسایی بۆ هەرزەکارە گیراوەکان لە باکوری ڕۆژئاوای نەینەوا هێشتا بریتی یە لە بۆشاییەکی بەرچاو.
- نەبوونی پۆلینێکی ڕەگەزی بۆ تەوالێت و حەمامەکان لە ناو هەندێك لە خێوەتگەکان و بەبێ هەبوونی ڕووناککەرەوەی شەوان بۆ شوێنەکانی ئافرەتان و کچان کە ئەمەش مەترسیان لەسەر دروست دەکات بۆ توندوتیژی سێکسی.
- هەبوونی ئامادەیی سنورداری پەروەردە لەسەر مەترسی مین و هاوکارانی هەڵگرتنەوەی مین لە ڕۆژئاوای موسڵ.

## پەروەردە

پێویستیەکان:

**32,000**
لە کوڕان و کچان
ناونووسکراون بۆ خوێندن لە
25 ژینگەکانی فێربوونی
کاتی

- لە نێوان ئەو کەسانەی کە بەم دواییانە ئاوارەبوون بەهۆی تەنگەتاوی موسڵەوە، 67,139 منداڵ بریتین لە منداڵانی قوتابخانە (35%ی دانیشتوانن کە لە ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵەوە دێن) لەو ژمارەیە، 35,139 منداڵ لە ئێستادا دەستیان ناگات بە هیچ جۆرێکی پەروەردە.

بەهاناوەچوون:

- لە ماوەی هەفتەی ڕابردوو، 2,379 کە دەکاتە (1,169کوڕ و 1,210 کچ) لە منداڵانی ئاوارە کە تازە هاوکاریان وەرگرتووە لە بەرنامەکانی پەروەردەی نافەرمی بۆ جاری یەکەم لە خێوەتگەکانی نەرگیزلە١، خازر، حەسەن شام، جەدعە، لە شوێنە تەنگەتاویەکانی حاج عەلی و بنکەی ئاسمانی گەیارە، و لە شاری تکریت.
- هەمووی بەسەریەکەوە دەگاتە، 32,000 منداڵی ئاوارە کە دەکاتە ( 16,883کوڕ و 15,117 کچ) بەشداری دەکەن لە بەرنامەکانی پەروەردە لە ناو ژینگەکانی فێربوونی کاتی لە خێوەتگەکانی خازر و حەسەن شام و جەدعە و زێلکان و نەرگیزلە١ و قەیماوە، لە ناو شوێنی تەنگەتاوی حاج عەلی، لە پۆلە نۆژەنکراوەکان لە شارۆچکەکانی تکریت و عەلەم. هەروەها ژینگەیەکی فێربوونی کاتی لە گەڕەکی قادسیەی ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ دامەزراون و دەستیان پێکردووە.
- 2,300 منداڵ کە دەکاتە (49 لەسەدای کچان) پێداویستیەکانی قوتابیان لە خێوەتگەکانی حەسەن شام و خازر بۆیان دابین کراوە. ئەم پێداویستیانە دابەشکرابوون بۆ باشترکردنی جۆری فێربوون لە هەردوو سەنتەرە فەرمی و نافەرمیەکان.
- 33 مامۆستا کە (12یان ئافرەتن) مەشقیان پێکراوە بۆ هاوکاری کردنی دەروونی و کۆمەڵایەتی و فریاگوزاری سەرەتایی دەروونی و کۆمەڵایەتی لە ناو خێوەتگەی حەسەن شام. مەشقەکە یارمەتی مامۆستاکانی داوە بۆ دۆزینەوەی ڕێگا داهێنەرەکان بۆ هاوکاری کردنی منداڵان (یان لەسەر ئاستی تاکە کەسی یان لە ناو پۆل) بۆ کەمکردنەوەی فشار، بەهێزکردنی نەرم و نیانی و خۆگونجاندن، بنیاتنانی پەیوەندیە یارمەتیدەرەکان و ئەگەری ڕێگرتن لە کێشەکانی دەروونی ماوە کورت و درێژ.
- دوابەدوای دەستپێکی پەروەردەی فەرمی لە دامەزراوەکانی خێوەتگە، 3,000 منداڵ ناونووسکراون لە ناو خێوەتگەی خازر و 3,915 منداڵ کە (55 لەسەدای کچانن) تاوەکو ئێستا ناونووسکراون لە ناو خێوەتگەی حەسەن شام. ناونووسکردنی هاوشێوش لە ناو خێوەتگەی قەیماوە لە ڕێگادان.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- کورتهێنانەکان لە ماددەکانی فێربوون لە ناو خێوەتگەکان، لەوانە پەرتووکەکان، بەردەوام زیان دەگەێنێت بە جۆری فێربوون لە ناو خێوەتگەکان. منداڵان بەشداری بە پەرتووکەکانیان دەکەن لەگەڵ یەکتر.
- هاوکاری بەردەوام پێویستە لەلایەن هاوکارانی کاری مین هەڵگرتنەوە بۆ پشکنینی زیاتر و پاککردنەوەی ناوچەکە لە تەقەمەنیە ژەهراویەکان لە ناو قوتابخانەکانی ڕۆژهەڵاتی موسڵ.

## کەل و پەلەکان

**1,571 مەترسێجا**
لە بارهەڵگری کەل و پەلی ناخۆراکی لەم هەفتەیە ڕادەستکراوە

شوێنی کۆگای باو کە بەرجەستەیە:

- قەبارەی 23,831 مەتر سێجا بەرجەستەیە (45% ی ئێستاکە داگیرکراوە).

بەهاناوەهاتن:

- لەوەتەی دەستپێکی ئۆپەراسیۆنی موسڵ، کۆی گشتی 38,305 مەتر سێجای کۆمەکی کەل و پەل، کە هاوتایە بە 7,886 مەتر تەن، بە ناوی 33 ڕێکخراوی مرۆییەوە ڕادەستکراوە.
- گروپی کەل و پەل ئامادەکاریەکانی بەکۆتا دەهێنێت گواستنەوەی ئاسمانی ١٥ ئۆتۆمبێلی فریاکەوتن بۆ هەولێر بۆ هاوکاریکردنی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی و ڕێکخراوەکانی تری تەندروستی کە لە پارێزگای نەینەوا و دەوروبەری شاری موسڵ کارەکان بەڕێوەدەبەن.
- کۆگای باوی حەمام عەلیل دامەزراوە. سێ یەکەی کۆگای گەڕۆکی تر دادەمەزرێن بۆ دابین کردنی قەبارەی 720 مەتر دووجا بۆ هاوکاری کردنی ئۆپەراسیونە مرۆییەکان لە باشور و ڕۆژئاوای موسڵ.
- گروپی کەل و پەل قەبارەی 1,000 مەتر دووجای تری کۆگای باوی لە تکریت دابین کردووە، بۆ بەهاناوەچوونی زیادبوونێك لە خزمەتگوزاریە داواکراوەکان.
- گروپی کەل و پەل هەڵسەنگاندنێکی شەقامی لە نێوان هەولێر، عەربت و حەمام عەلیل ئەنجام داوە. زۆربەی شەقامەکان وادیارە کە لە بارودۆخێکدان دەتواندرێت بەکاربهێندرێن و شوێنی تازە لە داتا بەیسێکدا تۆمارکراون.

بۆشاییەکان و ڕێگرییەکان:

- هەماهەنگی لەگەڵ هاوکارانی پەیوەندیدار وەکو کارێکی لەپێشینە دەمێنێتەوە بۆ بەردەوامیدان بە هەوڵەکانی ئامادەکاری و توانای بەهاناوەچوون لەو ناوچانەی وەکو ڕۆژئاوای موسڵ، کە وەکو ژینگەیەکی ئەمن و ئاسایشی زۆر شڵەژاو دەمێنێتەوە.

## پەیوەندیە فریاگوزاریەکان

**ڕۆژانە**
هاوکاری کردن بۆ ڕێکخراوە ناحکومیەکان بە هاوکاری کردنی ژێرخانی پەیوەندییە مرۆییەکان

بەهاناوەچوون:

- گروپی پەیوەندیە فریاگوزاریەکان بەردەوامە لە هاوکاری کردنی کۆمەڵگای مرۆیی کە بەهانای قەیرانی موسڵەوە دەچێت لە ڕێگەی دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانی پەیوەندیەکانی ئاسایش و بەیەکەوەبەستنی ئینتەرنێت لە ناو نووسینگەی مێرسی هاندس لە شارۆچکەی گەیارە و لە ناو نووسینگەکانی ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتی و ئەنجومەنی پەنابەری دانیمارکی لە شوێنی تەنگەتاوی بنکەی ئاسمانی گەیارە.
- گروپی پەیوەندیە فریاگوزاریەکان و ڕێکخراوی تیلیکۆمس سانس فرۆنتیریس چارەسەریەکانی دابینکاری خزمەتگوزاری ئینتەرنێتی ناوخۆیی دۆزیوەتەوە بۆ بەردەوامیدان بە دابین کردنی خزمەتگوزاریەکانی بەیەکەوەبەستن بۆ هاوکارانی مرۆیی لە گەیارە بۆ ماوەیەکی درێژ، هەروەك لە ئێستادا مانگێکی دەستکرد لەلایەن ڕێکخراوی تیلیکۆمس سانس فرۆنتیریس بەکاردەهێندرێت.
- گروپی پەیوەندیە فریاگوزاریەکان هەماهەنگی دەکات لەگەڵ ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی بۆ دروستکردنی ناردنی خێرای پلانی تۆری تەکنەلۆجیای زانیاری ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی بۆ نەخۆشخانەی مەیدانی عەتبەی پلان بۆدانراو.

بۆشاییەکان و ڕێگرییەکان:

- هیچ شتێکی بەرچاو نیە تاکو ڕاپۆرتی لەبارەیەوە بکرێت.

## هەماهەنگی و خزمەتگوزاریە باوەکان

**ڕۆژانە**
بەدواداچوونی ئاوارەبوون لە موسڵەوە لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم

بەهاناوەچوون :

- سەنتەری زانیاری ئاوارەکانی عێراق 152 پەیوەندی تەلەفۆنی ئەنجام داوە کە پەیوەندیان بە موسڵەوە هەبووە لە هەفتەی ڕابردوودا. نزیکەی 66 لەسەدای پەیوەندیەکان لەلایەن پیاوانەوە ئەنجام درابوون و 34 لەسەداش لەلایەن ئافرەتانەوە ئەنجام درابوون. لەگەڵ زۆرینەی پەیوەندیەکان لە موسڵەوە هاتبوون، و 23 لەسەدای پەیوەندیکاران وەسفی خۆیان دەکرد وەکو ئاوارە گەڕاوەکان. 39 لەسەدای پەیوەندیەکان پەیوەندیان هەبوو بە هاوکاری کردنی خۆراك و 27 لەسەدای پەیوەندیەکان پەیوەندیان هەبوو بە هاوکاری کردن بە پارەی کاش. کورتهێنانەکانی ئاو لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ ئەوانیش ڕاپۆرت کرابوون کە ژمارەیان زۆر بوو، بەتایبەتی لە نێوانی پەیوەندیکاران لە شاری موسڵەوە.
- هەروەك لە ٥ی ئادار، تۆمارکەری بەدواداچوونی ئاوارەبوون کە سەر بە ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتیە ڕاپۆرتی کردووە کە 206,520 کەس لە ئاوارەییدا ژیان دەگوزەرێنن وەك دەرەنجامێك بەهۆی شەڕوپێکدادانەکان لە ناوەوە و دەوروبەری شاری موسڵ، کە لە ڕۆژی ١٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٦ دەستیان پێکرد.

- لە مانگی تشرینی دووەمی ٢٠١٦وەوە بۆ ئاداری ٢٠١٧، ڕێکخەرانی مەیدانی گەڕۆك لە لێژنەی هەماهەنگی ڕێکخراوە ناحکومیەکان بۆ عێراق 165 کاروانی کۆکردنەوەی زانیاری ئەنجام داوە بۆ لادێیەکان و شارۆچکەکان بەپەلە لە باکور و ڕۆژهەڵات و باشوری شاری موسڵ لەگەڵ دەستگەیشتن بە کاربەدەستان لە 194 شوێن لە ناو خودی هەمان ناوچەکان، لەوانە: بەعشیقە (٢٦)، تەلکێف (٨)، بەرتلە (٦)، حەمدانیە (١٨)، نەمروود (٣٠)، مەخمور/نەینەوا (٦)، ئەلشورە(٣٠)، گەیارە (١٨)، حەترە (٢)، و حەمام عەلیل (١٤). لە کاتی ئێستادا ڕاپۆرتەکانی سەبارەت بە مرۆیی و پاراستن و دەستگەیشتن نێردراون لە ڕێگەی میکانیزمەکانی هەماهەنگی و پوختەکانی دوولایەنە کە دابین کراون بۆ ڕێکخراوە ناحکومیەکان. لێژنەی هەماهەنگی ڕێکخراوە ناحکومیەکان لە عێراق زیاتر لە 150 کاربەدەستی ناوخۆیی دەستنیشان کردووە و کاریان پێدەکات کە پێك دێن لە هاوکارانی جۆراوجۆر لە کارگێری مەدەنی بۆ هاوکارانی سەربازی ناوخۆیی. لە ماوەی ئەم هەفتەیەی ٢٦ی شوبات تاوەکو ٢ی ئاداری ٢٠١٧، ڕێکخەرانی مەیدانی لێژنەی هەماهەنگی ڕێکخراوە ناحکومیەکان لە عێراق ١٤ کاروانی هاوکاری مرۆییان ئەنجام داوە – چوار لەوانە بۆ قەزای تەلعەفەر لە ڕۆژئاوا، سێ لەوانە بۆ ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ، سێ لەو کاروانانە بۆ حەمام عەلیل لە باشور و سێ کاروانیش بۆ شەرگات لە باشوری نەینەوا.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان :

- هیچ شتێکی بەرچاو نیە تاکو ڕاپۆرتی لە بارەیەوە بکرێت.

## هەماهەنگی کردنی گشتی

تیمێکی ڕاوێژکاری باڵا کە پێك دێن لەوانە حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان و کەسایەتی سەربازی و ڕێکخەری مرۆیی بە بەردەوامی کۆدەبنەوە بۆ بەڕێوەبردنی کێشە ستراتیجیەکانی مرۆیی. تیمی ڕاوێژکاری باڵا دڵنیایی دەدات لە تەواوی هەماهەنگی لە نێوان هەموو هاوکارانی کاروباری مرۆیی لە بەهاناوەچوونی مرۆیی بۆ موسڵ. خانەیەکی تەنگەتاوی کە پێك دێن لە سەرکردەی گروپی ئاژانسەکانی کە لە بەهاناوەچوون بۆ موسڵ کاردەکەن و کە لەلایەن ڕێکخەری مرۆیی سەرکردایەتی دەکرێن و هەفتەی دوو جار کۆدەبنەوە بە گوێرەی پێویست. تیمی مرۆیی لە وولات وەکو پێکهاتە ستراتیجیەکەی هەماهەنگی دەمێنێتەوە لە نێوان نەتەوە یەکگرتووەکان و هاوکارانی ڕێکخراوی ناحکومی بۆ سەرپەرشتی کردنی بەهاناوەچوونی مرۆیی لە عێراق. گروپی هاوبەشی کارکردن، کە پێك دێن لە سەنتەری هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان، وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران و ئۆچا، هەفتەی جارێك کۆدەبنەوە بۆ دڵنیابوون لە هەماهەنگی کرداری بۆ بەهاناوەچوونی مرۆیی موسڵ. ئۆچا سەنتەرێکی ئۆپەڕاسیۆنی مرۆیی لە هەولێر دامەزراندووە. کۆبوونەوەیەکی سەنتەری ئۆپەڕاسیۆنی مرۆیی لەگەڵ وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران وسەنتەری هەماهەنگی و چاودێری کردن و سەنتەری هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان و هاوکارانی گروپ و ڕێکخەرانی ناوچە هەفتانە بەڕێوە دەچێت. چوارچێوەیەکی هەماهەنگی مرۆیی مەدەنی – سەربازی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاسانکاری دەکات بۆ دەستگەیشتی مرۆیی، پاراستنی هاووڵاتیان و ئەمن و ئاسایشی کارمەندانی فریاگوزاری مرۆیی.

ئەو دیوی قەیرانەکە
توندوتیژی فراوان و ململانێ ی چکداری لە عێراق لە مانگی کانوونی دووەمی ٢٠١٤سەری هەڵدا. لە سەرەتادا لەسەر پارێزگای ئەنبار، لەگەڵ شارەکانی ڕومادی و فەلوجە جەختی کردەوە کە بە شێوەیەکی تایبەت زیانیان پێگەیشت، توندوتیژیەکە و کاریگەریەکەی بە خێرایی تەشەنەی کرد، کە بووە هۆی ئاوارەکردنی زیاتر لە ٥٠٠٠٠٠ کەس لە مانگی ئایار. لە مانگی حوزەیرانی ٢٠١٤، داعش، بەیەکەوە لەگەڵ گروپە چەکدارەکان، هێرشیان کرد و کۆنترۆڵی دووەم گەورەترین شاری عێراقیان کرد موسڵ، بەشێکی زۆری باکوری عێراق، لەوانە پارێزگاکانی ناوچەکانی دیالە و کەرکوك و نینەوا و سەلاحەددین. ئەمەش بووە هۆی بەردەوامی ململانێ ی چەکداری، ئاوارەبوونی بەلێشاوی ناوخۆیی، پێشێلکردنەکانی ڕاستەقینە و سیستەماتیکی پاراستنی هاووڵاتیان و مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ، پچڕاندنی دەستگەیشتن بە خزمەتگوزاریە سەرەکیەکان، و کۆت و بەندی خراپ لەسەر کۆمەڵگا خانەخوێکان. وەك دەرەنجامێك، عێراق لە ئێستادا دووچاری یەکێك لە گەورەترین قەیرانە مرۆییەکان دەبێتەوە لە جیهان، لەگەڵ زیاتر لە ١٠ ملیۆن کەس پێویستیان بە هاوکاری مرۆییە. زیاتر لە ٤ ملیۆن عێراقی لە ناوخۆ ئاوارەبوون بەهۆی توندوتیژی لەوەتەی کانوونی دووەمی ٢٠١٤. لەو ژمارەیە، ٣ ملیۆن کەس لە ئێستادا ئاوارەبوون.

بۆ زانیاری زیاتر، تکایە پەیوەندی بکەن بە:

دامیان ڕانس، rance@un.org

بۆ زانیاری زیاتر، تکایە سەردانی ئەم ماڵپەڕە بکەن : www.reliefweb.int

بۆ زیادکردن یان لابردن لە لیستی ئیمەیڵ: http://bit.ly/2dDYK3D